# بایکۆت

4

بڵاوکراوەیەکی ڕۆژانەیە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق دەری دەکات

www.wpiraq.net

2005/01/ 19


**هەلبژاردنێك کەلەژێر سایەی داگیر کاری ئەمریکاو شەرو پەلاماری تیرۆریستانی ئیسلامیدا بەرێوەدەچێت .. هەڵبژاردنێکی ناقانونیيە و ناتوانی رێگای خەڵکی عێراق بێت بۆ هێنانەکایەوەی حکومەتێك کە نان و ئەمنیەت و ئازادی بۆ خەڵکی دابین بکات..**

## ڕێبوار ئەحمەد لەوەڵامی پرسیاری ئۆکتۆبەردا

**ئۆکتۆبەر/ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هاوکات لەگەڵ مقاتەعەکردنی سیناریۆی هەڵبژاردن، پێ لەسەر لەسەر پێویستی بەرپاکردنی ریفراندۆم لە کوردستاندا دادەگرێت. لەم بارەیەوە ئێوە هەڵوێستتان لەسەر ئەو پرۆژەیە چۆنە کە "بزووتنەوەی ریفراندۆم" بە ڕەزامەندی یەکێتیو پارتی ڕۆژی هەڵبژاردن صندوقەکانی دەنگدان بە ریفراندۆم بۆ جیابونەوەی کوردستان دادەنێت؟.** ریبوار ئەحمەد/ "بزووتنەوەی ریفراندۆم" هەر لە سەتاوە مامەڵەیەکی خراپی لەگەڵ مەسەلەی ریفراندۆم کردوە. لەسەرەتادا بە ناوی ریفراندۆمو سەرمەستکردنی خەڵك بە باسی سەربەخۆیی کوردستانەوە، ئیمزای خەڵکی کرد بە پشتیوانی فیدرالیزمی کۆنەپەرستانەی ئەحزابی ناسیونالیستو پەرەپێدانی گیانی نەتەوەپەرستیو هاندانی کێشمەکێشی قەومی. دوای گێرانی دەوری خۆی لەم مەسەلەیە، ئیتر ئیمزاکانو باسی ریفراندۆمی پێچایەوە. ئێستا پاش ئەوەی لەسەر بناغەی ئاڵوگۆر لە هەلومەرج و هاوکێشە سیاسیەکانی عێراق لە ماوەی یەك ساڵی رابردوودا، بە تایبەتی رەوتی قوڵکربونەوەی سیناریۆی ڕەشو توندبونەوەی ڕەوتی دنی ئەم خواستە جەماوەریە فراوانە نەك پیادەکردنی.

با ئەوە لەولاوە ڕاوەستێ کە بۆچیو بە چ دەلیلێك ساڵێکە "بزووتنەوەی ریفراندۆم" سەری کزکردووەو دەنگی لیۆە نایاتو ئیمزاکانی خەڵکیشی لە سەر مێزی پەرلەمان بە جێهێشتبوو. بەڵام بەدەر لەوەی ئەوان نیەتیان چی بێت، ئەم شێوازە لە دەنگدانو ریفراندۆم بە گالتەجارکردنی ریفراندۆمە، لەباربردنو خنکاندنی ریفراندۆمە. ریفراندۆمو ئەو سیناریۆی هەڵبژاردنەی بریارە لە عیراقو کوردستاندا بەرێوە بچێت، دوو پرۆژەی بە تەواوی ناکۆکن لەگەڵ یەکتری، هەرکامیان نەفی ئەوی تریان دەکاتەوە. سیناریۆی هەڵبژاردن دەیەوێ باز بەسەر ریفراندۆمدا بداتو پێ لە مافی خەڵکی کوردستان بۆ ریفراندۆم بخشێنێ، ریفراندۆمیش دەیەوێ بەر بە هەوڵی ئیلحاقی ئیجباری کوردستان بە عیراقەوە بگرێ. بۆیە ئەم دوانە ناکرێو نابێت پێکەوە لە یەك کاتدا بەرێوەبچن، دەبێ پێش هەر هەڵبژاردنێك ریفراندۆم بەرپابکرێت بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنوسی کوردستان لە رێگای ڕا پرسی بە خودی خەڵکەوە. جگە لەمە ڕا پرسیەك کە لە مەراجعی نێودەوڵەتیدا ڕەسمیەتی پێنەدرابێتو ئەنجامەکەی بەرەسمی نەناسێنرێت، ریفراندۆم نیە، ڕا پرسیەك کە مەراجعی ........ بۆ لاپەڕە 2

## عەرەبی بوونی عێراق دەپارێزین!

ئەم عنوانەی سەرەوە پەیامی علی سیستانی یە کەلە پەیوەند بەگەمەی هەڵبژاردنەکانەوە لەنامەیەکیدا بۆ عەمرو موسای سکرتێری جامعەی وولاتانی عەرەبی ناردووە.

سیستانی بەم پەیامەی دەیەوێ ناسیونالیزمی عەرەبی سونە لەوەدڵنیا بکاتەوە کە سەرباری ئەوەی خوازیاری دەسەلاتێکی ئیسلامی لەچەشنی جمهوری کۆنەپەرستی ئیسلامی ئیرانن، هاوکات خوازیاری عیراقێکی قەومی عەرەبیشن، واتە داسەپاندنی حوکمێکی قەومی ئیسلامی بەسەر خەڵکی عیراقدا، ئەوەش کە بۆ ئەمە بۆ جامعەی عەرەبی ڕادەگەیەنێ دەزانێت سمبولی ناسیونالیزمی شکست خواردوی عەرەبی سونە ئەم جامعەیەیە، و دەیەوەێ لەورێگایەوە پەیامی خۆی لە گەمەی هەڵبژاردنەکاندا بە ناسیونالیزمی سوننەی عەرەب لە عێراقو بە ئەمریکای سەرەوریان رابگەیەنێت کەنوێنەرایەتی هەمان ناسنامەی عەرەبی بوونی بەعسیش بەدەستەوەدەگرێت و ناهێڵێ وەجاخی ناسیونالیزمی عەرەبی بەعسی لە دەسەڵاتی داهاتودا کوێربێتەوە.

ئەم پەیامەی سیستانی و پەیامی یاوەرو عەلاویشە، کە تائێستا لەدەیان بۆنەدا ڕایان گەیاندووە.

پەیامی سەرانی هێزە ئیسلامی و قەومیەکانی عیراق، بەڕۆشنی دامەزراندنەوەی عیراقیکی عەرەبی و ئیسلامیە، ناسیونالیزمی کوردیش بەو بێدەنگی و هەڵکورماویەی لەبەردەم پێپیلکانەی سەرکەوتنی بۆ ناو دەسەڵاتی داهاتودا، دەیەوێ مۆر بدات لەو حوکم و دەسەڵاتە قەومی و ئیسلامی یەی سبەینێ.

ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کەهەموو بەرەی بۆرژوازی عیراقی بە عەرەب و کورد، ئیسلامیەکەیەوە، سەرباری هەرکێشمەکێشێکیان لەسەر بەشی زیاتر، لەسەر ئەوە کۆکن کە عێراقێکی قەومی و ئیسلامی بنیات بنێنەوە.

پەیامی ئەم بەرە کۆنەپەرستە، پەیامی مۆردانی قەومی و ئیسلامیە لە ناوچەوانی دانیشتوانی خەڵکی ........ بۆ لاپەڕە 2

## بڕیاری "هەڵبژاردن"ەکەی نێچیرەڤان بارزانیو حکومەتەکەی بایی پوشێك سوودی بۆ خەڵك نییە!

**جمال محسن**

نێچیرەڤان بارزانی لە وەلام بە پرسیارێکی مهاباد قەرەداغیدا سەبارەت بە دوو ملیۆن ئیمزای خەڵکی کوردستان بۆ ریفراندۆم، ئەڵێ: "... یەکێتیو پارتیو حزبە کوردستانییەکانی دیکەش بەشدارین لە پشتیوانی ڕیفراندۆم. بەلای ئێمەوە بەشداربوون لە هەڵبژاردن پێچەوانەی ڕیفراندۆم نییە. بەڵکو دەتوانینو دەبێ هەوڵبدەین لە دەستوری هەمیشەیی ئایندەی عێراقدا ئەم مافە بۆ خەڵکی کوردستان بچەسپێنین کە ئازادییەو مافی چارەی خۆنووسینی هەیەو......پێمان باشە خەڵکی کوردستان هەمیشە حازرو ئامادە بن لە کۆڕی ژیانی سیاسی ئەمڕۆداو داخوازییە ڕەواکانیان ئازادانە دەربڕن. ئێمەش لە ئەنجامدا بە ئیرادەو خواستی میللەتەکەمان کاروبار بەڕێوە دەبەین. لە ئامانجە ڕەواکانیان دوور ناکەوینەوەو بە جێ نامێنین. بەڵکو شانبەشانیان دەڕۆین"

زمانی فریودانو هەڵخەڵەتاندن لای ڕابەرانی ناسیۆنالیزم هەرچەندێك برازێنرێتەوە وەك ڕۆژی ڕوون دیارە. ئەگەر ئەوان پشتیوانی ڕیفراندۆمیان کردووەو ئەیکەن، بۆچی ئیمزاکان کە خەڵك بۆ سەربەخۆیی کوردستانی کردبوویان، بردیانە بەر بارەگاکانی برا شۆڤینییە عەرەبەکانیان بۆ ئەوەی سەهمی زیاتریان پێ بدەنو کورسییەکانی حوکمی خۆیانی پێ زیاد بکەن؟ بۆچی بە ناوێکی ترەوە کۆیان کردەوەو لەولاشەوە بۆ ئەم مەرامەی خۆیان بەکاریان هێنا؟! ئەمەیە ڕێزگرتن لە ئیرادەو وویستی خەڵك؟! ئەمەیە پشتیوانی؟! پاشان نێچیرڤان "هەڵبژاردن"و ڕیفراندۆم بە تەواوکەری یەکتر دائەنێت. حەقیقەت ئەوەیە کە گەر پێش بەم خواستەی خەڵك بگیرێت بۆ... ........ بۆ لاپەڕە 2

**نابۆ هەلبژاردن.... بەڵێ بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان**

عیراق، ئەو خەڵکەی دوێنێ لە سەربنەمای ناسنامەی قەومیەتی عەرەبی، بەدەستی بەعس قەتل و عام دەکران و پەت ئەکرا بەملیادا، گۆڕی بەکۆمەڵیان لێدروست دەکرا، ئەنفال و ژەهرباران دەکران، وادیسان فاشستە قەومی و دینیەکان لەدەروازەی دەسەلاتەوە بۆ بەش بەش کردنی خەڵکی عیراق لەسەر بنەمای قەومی ودینی وەستاون.

ئەگەر بەعس بە ناسنامەی قەومیەتی عەرەبیەوە کێوێک مەرگەساتی خوڵقاند لە مێژووی دەسەلاتدارتی خۆیدا، دەبێ ئەم هێزو جەنابانەی ئێستا بە ناسنامەی ئیسلامی و قەومیەوە، چ خەرمانەیەک لە کارەسات و رۆژرەشی بە سەر خەڵکی عیراق بهێنن؟

گالتەجاری هەڵبژاردنێک کە لە عیراق وەرێخراوە، بۆ وەرگرتنی پەنجە مۆری خەڵک بۆ مۆردان لە پەیامی دژی ئینسانی ئەم فاشستە قەومی و دینیانە. خەڵکی عیراق و کوردستان، دەبێ بێگوێدانە ناسنامەی قەومی و مەزهەبیان، بایکۆتی ئەم هەڵبژاردنە بکەن و بەشداری لەهەڵبژاردنێکدا نەکەن، کە لەسەر بنەمای قەومی ودینی دەیانکەن بەگژیەکتریدا، ئامانج و پەیامی خەڵکی عیراق و کوردستان، نەک جیایە لە پەیامی وئامانجی ئەم بەرە کۆنەپەرستە بەڵکو تەواو لەدژی یەکترین، سەیری پەیامی و راگەیاندنەکانیان بکەن.

عبداللە مەحمود


**بـایکۆت**

بلاوکراوەیەکی رۆژانەیە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق لە پەیوەند بە هەڵبژاردنەکانی عیراق و کوردستانەوە دەری دەکات

سەرنوسەر: عبدوللا محمود

Nauzad_mahmud@yahoo.com

دەستەی هونەری:

ئارام عەلی، عومەر ئەحمەد


پاشماوەی چاوپێکەوتنی رێبوار...

رەسمی نێودەوڵەتی چاودێری نەکات، ریفراندۆم نیە. راپرسیەک کە پێش وەخت ماوەی پێویست بۆ ختنەرووی ئازادانەی رێگاچارە جیاوازەکان فەرهەم نەکرابێت وخەڵکی ئاشنایەتی پێیان پەیدا نەکردبێت، ریفراندۆم نیە. راپرسیەک کە لەژێر سەرەنێزەی میلیشادا بەرێوەبچێت ریفراندۆم نیە.... بۆیە بە هەموو ئەو بەڵگانەی باسکران

ئەم تەرحە ریفراندۆم نیە بەڵکو لە باربردنی ریفراندۆمە. خەڵکی کوردستان نابێت پێی خۆشباوەربن، نابێ بەشداری تیا بکەن. ئەگەر "بزوتنەوەی ریفراندۆم"یش نیەتێکی پاکی بەرامبەر خواست و مافی خەڵکی کوردستان هەبێت دەبێ دەست لەم پرۆژەیە هەڵگرێت و پێ لەسەر خواستی بەرپاکردنی ریفراندۆمێکی رەسمی و واقعی دابگرێت کە تیایدا خەڵکی کوردستان بتوانن ئاگاهانەو ئازادانە بریار لەسەر چارەنوس و ئایندەی خۆیان و کۆمەڵگاکەیان بدەن. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ ئەم سیناریۆ فریوکارانەیەی هەڵبژاردن ریسوا بکرێت. ----

---

پاشماوەی بریاری "هەڵبژاردن"..

بەرپاکردنی ریفراندۆم و سەرئەنجام "هەڵبژاردن" سەربگرێت و دەوڵەت و حکومەت پێکبێتەوە، ئەمە بە کردەوە یانی بە زۆر لکاندنەوەی کوردستان بە عێراقەوە. ئیتر ئەمەش کاری وێفراندۆم سەخت ئەکات.

هاوکات ئەگەر پرس بە خەڵك نەکرێ کە ئەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ چوارچێوەی مەرکەز یان نا، ئیتر دواتر ریفراندۆم بۆچیە؟و یانی چی؟ تۆ خۆت بریارت بۆ خەڵك داوە کە ئەبێ بەشداری ئەو یاری "هەڵبژاردن"ەی تۆ بکەن. ئیتر ئەو گاڵتەجارێیە چیە کە گوایە لە هەوڵی بەدەستهێنانی ئەو مافەدا ئەبێن لە دستووری عێراقی ئایندەدا؟ تۆ خۆت رێزت لەو خەڵکەو راکانیان نەگرتووە، سبەینێ شۆڤینیزمی عەرەبی قەناعەت پێ ئەکەیت کە دان بەو مافەدا بنێن؟! ئەوە لە لایەك هەڵخەڵەتاندنی خەڵکە بەوەی کە خواستەکانیان یەك ئەگرێتەوە لەگەڵ ئەو پرۆژەیەی ئەمان خەریکین، و لە لایەکی تریشەوە بەخەڵك ئەڵێ ئەوە خواست و ئیرادەیەتان بپێچنەوەو خۆتان تەسلیم بە ئێمە بکەنەوە بۆ چەندین ساڵی تر حوکمی خۆمانتان بەسەردا ئەسەپێنن.

ئەگەر ووتارت نارد بۆ "بایکۆت" ئەم خاڵانەی خوارەوە لەبەرچاوبگرە :

## بانگە واز

## خۆپیشاندان لە دژی هە لمە تی تە سلیم بوون بە داگیرکە ران

پاش چە ندین ساڵ ، لە شە ڕو کوشتارو ماڵوێرانی ، کە گە لە کە مان بە دە ستی هە ردوو مافیا ی کوردی تووشی هات . پاش ئە وە ی کە زوربە ی گە نج ولاوە کانی گە لە کە مان وولاتیان بە جێهێشت و بە رە و هە ندە ران هاتن . پاش ئە وە ی چە ندین ساڵە ، گە لە کە مان بە ناوی (کوردستان یان نە مان !) بازرگانی پێوە دە کرێت . هە زاران کە سیان ماڵوێران و سە رگە ردان کرد. پاش ئە و ە ی چە ندین ساڵە شە ڕی چە تە گە ری و دزی خۆیان ، بە سە رمانەدا سە پاند. ئە مرۆ ئە و دوو مافیا یە داوای ئە وە مان لێدە کە ن، کە خۆمان تە سلیمی هێزێکی تری تە گە ری و بە رە ری بکە ین، کە ناوی (ئە مە ریکایە ) .

ئە و ئە مە ریکایە ی کە چە ندین جارە یاری بە چارە نووسی گە لی کوردە وە دە کات. ئە و ئە مە ریکایە ی کە جگە لە شە ڕو ماڵوێرانی و دزی و پیاوکوشتن ، هیچی تری بۆ ئە هێناوین . پە یامی دژە ئینسانی خۆی بە سە رمان دە سە پێنێت .

بۆ یە داواکارین لە گە لە کە مان کە بە شداری ئە م هە لمە تی تە سلیم بوونە وە یە نە کە ن . چونکە بە شداری کردنتان ، درێژە دانە بە حوکمی مافیاکە ری ئە مە ریکاو هە ردوو هاوپە یمانە مافیاکە ی لە کوردستان . لە ژێر ناوی ( بە ڵێ بۆ ئازادی نا بۆ داگیرکە ران ) ، رۆژانی 28 تا 30 ئە م مانگە ، خۆپیشاندانێک لە شاری (مانهایم / ئە لمانیا ) . لە بە ردە م شوێنی هە لبژاردنە کە دا سازدە کرێت .

اوادا لە هە موو پارت و لایە ن و کە سێکی ئازاد دە کە ین ، کە لە و رۆژانە دا ئامادە بن و بە شداری ئە و خۆپیشاندانە بکە ن . چونکە تە نها بە م شێوە یە هە لۆێستی ئازادی بوونی خۆتان دە سە لمێنن .

دە توانن پە یوە ندی بکە ن بە :
ئە ردە لان عە بدولا ژمارە تە لە فون . 1597014 0621
یان www.ardahawra@hotmaill.de
www.ardalan@gmx.net

**بژی ئازادی ، بروخێ داگیرکە ران و ئیمپریالیستە کان**

**بەبەشداری نەکردنتان لەهەلبژاردندا، زنجیری داگیرکاری و تەوقی حوکمی ئیسلام و نەگبەتی شەری قەومی و عەشیرەتی دەپسێنن..**